وەزارەتی خوێندنی باڵا
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
بەشی موزیك

# سیمینار

# خاسیەتەکانی گۆرانی و موزیکی شاری هەولێر لە ساڵانی حەفتاکان:(تیپی هونەری هەولێر بە نموونە)

## بابەتی: ئەنثرۆپۆلۆجی

## بە سەرپەرشتی:

## پ.ی.د. دلاوەر مصطفی

**ئامادە کردنی قوتابی: سیروان محمد مصطفی**
**کۆلێژی هونەرەجوانەکان– زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر**
seerwan.mustafa@su.edu.krd

٢٠٢١-٢٠٢٠

# پوختەی توێژینەوە:

شارستانیەت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا خۆی دەبینێتەوە لە دوو چەمک یەکێکیان چەمکی ماددی (بەرجەستە) و ئەوەی تریان چەمکی گیانیە، هونەر بە شێوەیەکی گشتی وە بەتایبەتی موزیک و مێلۆدی وا دادەنرێت کە دووچەمکی گرنگن لە چەمکی گیانی.

بۆیە شارستانیەت رێکخەرێکی کۆمەڵایەتیە کە مرۆڤ لە رێگایەوە دەستنیشانی زۆرکردنی بەرهەمی رۆشنبیری خودی خۆی پێ دەکات. پێکهاتەی شارستانیەت لە چەند بەشێک: لە دەستکەوتی ئابووری و ڕێکخستنی سیاسی و داب ونەریتی دروستکراو و بەدواداچوونی زانستی و هونەری

هەرنەتەوەیەک پەیژەیەکی موزیکی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر بنەمای ئەو پەیژەیە موزیکی خۆی بنیات ئەنێ، ئەو پەیژەیە بەڵگەی پێشکەوتن و کولتوور بڵندی و شارستانی ئەو نەتەوەیەیە

# خاسیەتەکانی گۆرانی و موزیکی شاری هەولێر لە ساڵانی حەفتاکان:(تیپی هونەری هەولێر بە نموونە)

بزافی ئەدەب و هونەر لە شاری هەولێر

لە دوای شۆرشی (١٤ تەموزی ١٩٥٨) دا سرودی کوردی جۆرە گۆرانێکی جیاواز و وەچەرخانێکی یەکجار گرنگ و بەرچاوی بە خۆوە بینی، چ لە رووی دارشتنی هۆنراوە و هەڵبەستەکان و چ لە رووی ئاواز و موزیکژەنینەوە، هونەرمەندانی شاری هەولێر بەدەر نەبوون لەم جۆرە گۆرانکارییانە کە توانیان ڕۆڵی خۆیان بگێرن لە بواری موزیك و گۆرانی و هونەر و رۆشەنبیری وەچەرخانێکی زۆر گرنگ و بەرچاو بوو.

# خاسیەتەکانی گۆرانی و موزیکی شاری هەولێر لە ساڵانی حەفتاکان:(تیپی هونەری هەولێر بە نموونە)

ڕۆڵی مەقام لە شاری هەولێر

زاراوەی مەقام بریتیە لە کۆمەڵێک نەغمەی یەک لە دوای یەکدا هاتوو، هەر پەیژەیەکی موزیکی رۆژهەڵاتیش شیبکەینەوە، دەبینین لەچەند (تێتراکۆرد)ێک پێکهاتووە.(ئەحمد، ۲۰۰۹: ل۳۱)، دەتوانین بڵێین مەقام پەیژەیەکی موزیکیە و جۆرێکە لە جۆرەکانی گۆرانی رۆژهەڵاتی کە لە دوو پەیژە پێك دێت یەکێکیان پەیژەی سەرەکین ئەوەی تریان لاوەکین. سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبەری (۱۱۹۰- ۱۲۳۳ز) میری هەولێر بووە بۆماوەی (٤۳ ) ساڵ،بۆ یەکەمجار لە مێژووی هەموو وڵاتانی عەرەب و ئیسلامدایادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)دەکاتە نەریتێك لە هەولێر و سەرتاپای جیهانی ئیسلامدا. لە(۱۱۹۰) شاعیرێکی جوولەکەی ئیسپانی ( (Yehuda al – Harizi سەردانی شاری هەولێر دەکات و لە کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی (مەقامات ( Meqamatکە لە ۱۸۸۳ لە ( (Gottingenچاپکراوە،

# خاسیەتەکانی گۆرانی و موزیکی شاری هەولێر لە ساڵانی حەفتاکان:(تیپی هونەری هەولێر بە نموونە)

تیپی هونەری هەولێر

(هونەری موزیك لە دروست بوون و چالاكی و بەرهەمی هونەری)

ئەگەرچی ئەم تیپە لە ساڵی (١٩٦٩)دا دامەزراوە، بەڵام مۆڵەتی كاركردنی نەبووە(هەرێمی كوردستان، ٢٠١٠، ل١٢). بەڵام ئەوە لەبیر نەكەین تیپی هونەری هەولێر درێژە پێدەر و بەرهەمی هەمان تیپی دەرسیم بووە، وهەمان دەستەی دامەزرێنەری بوو (ڕامان، ١٩٩٩: ل٢٠٥)، پاشان بە هەوڵی كۆمەڵێك هونەرمەندی شاری هەولێر لە ڕێكەوتی (١/٢/١٩٧١)دا بە نووسراوی ژمارە (٧١٢)ی ئاسایشی (ئەمنی) هەولێر، مۆڵەتی كاركردنی وەرگرتووە و بارەگایان لە شاری هەولێردا لە نزیك گۆڕەپانی (كۆتری سەلام)دا دامەزراندووە،(جەمال هیدایەت): دەڵێ بە یەكەم تیپی مۆڵەت پێدراوی هونەری لە شاری هەولێر دادەندرێت.( جیهانبەخش): لەبارەی تیپی هونەری هەولێر دەڵێ

بنایەكمان گرت لەگەڵ تیپی شانۆ واتە هونەری هەولێر لەدووبەش پێك هاتبوو بەشی موزیك و بەشی شانۆ وە هەمان موزیك ژەن بوون .

# خاسیەتەکانی گۆرانی و موزیکی شاری هەولێر لە ساڵانی حەفتاکان:(تیپی هونەری هەولێر بە نموونە)

**تیپی هونەری نوێی هەولێر**

ئەم تیپە لە شاری هەولێر بە بڕیاری ژمارە (٣٠٧٣) لە ڕێکەوتی (٧/٢/١٩٧٤)دا مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە. هونەرمەند (سلێمان شاکر) لە (٢١/٦/١٩٧٤)دا بە سەرۆکی تیپەکە هەڵبژێردراوە. ئەم تیپە بایەخی بە بوارەکانی هونەری بە شێوەیەکی گشتی داوە، بە تایبەت لە بواری مۆسیقاو شانۆدا ڕۆلی خۆی گێڕاوە. تیپێکی تایبەت بە مۆسیقای هەبوو، کە چالاکی مۆسیقیان پێشکەش کردووە، مۆسیقا ژەنانی تیپەکە پێکهاتبوون لە: شێرزاد عوزێری، نەجات عەساف، جەلیل ئازید( )، نیزاڵ ڕەحمان، ساماڵ ڕەحمان، شەریف جەرجیس، کامەران تەها، عەبدولخالق واحید.. .( محەمەد، هۆشەنگ ساڵح،٢٠١١:ل٨٠)

جموجۆلی هونەری و چالاکی و کارکردن بەتەواوی لەسەرتاسەری کوردستان وەستاو پەکی کەوت تاساڵی ١٩٧٥، دووای هەرەسی شۆرشی ئەیلول دووبارە تیپی هونەری هەولێر خۆی رێکخستەوە هەندێ لە ئەندامانی تیپ وازیان هێناو هەندێ تریش چوونە ناو تیپە وەکو مامۆستا وریا ئەحمەد و خوالێخۆش بوو سەید ئەحمەد بەرزنجی ، رەنجبەر خۆشناو ، رزگار خۆشناو ، شێرزاد عوزێری ، جەلیل ئازید ، فوئاد محەمەد ، رەوەند اسماعیل و جان تۆماس، تیپی هونەری هەولێر پێکهاتەی وەکو تیپەکانی لێهاتوو کۆمەلێک هونەرمەندی بەتوانا توانیان تیپەکە بەرەوپێشەوە ببەن و گۆرانیبێژی تازەش بهێنە نێو تیپەکە.

# خاسیەتەکانی گۆرانی و موزیکی شاری هەولێر لە ساڵانی حەفتاکان:(تیپی هونەری هەولێر بە نموونە)

تیپی شانۆی لادێ ( فرقه المسرح الريفی):
ئەم تیپە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر بوو، لە ڕێکەوتی (٢٧/٣/١٩٧٣) دامەزراوە.( محەمەد، هۆشەنگ ساڵح،٢٠١١:ل٨٠) یەکێک بووە لەو(٩) تیپەی کە، وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ- تایبەت بە (لادێکان) بڕیاری دامەزراندنی دابوون.(جیهانبەخش کۆیی، ٢٠٠١: ل١١٩ ) ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی تیپەکەدا، ئەوەبوو کە بەردەوام لە لادێکانی کوردستان بگەڕێن، بۆ زیاتر ئاشناکردنی جووتیاران بە هونەری شانۆو موزیک و ڕۆشنبیرکردنیان لەو بوارانەدا.

# زۆر سوپاس بۆ گوێگرتنتان

